## ڕاگەیەندراوی دەستەی بەڕێوەبەریی سایتی هەڵوێست لەسەر گرتنی بەڕێز دوکتور کەماڵ قادر لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ( پارتی)ەوە

هاونیشتمانانی هێژا !

بە گوێرەی هەواڵ دوکتور کەمال (سەید) قادر ماف ناس ، داکۆکاری مافی مرۆڤ ، نووسەر و چالاکی سیاسی لە لایەن دەسەڵاتی پارتیەوە گیراوە و ڕەوانەی زیندان کراوە . دوکتور کەماڵ بەتاوانی دزی ، بانگەشەی ئیسلامی سیاسی ، فاناتیزم ، مەلەفی بەعسی بوون و هاوکاریی داگیرکەرانی کوردستان نەگیراوە . تاوانی دوکتور کەماڵ ، ڕووناک بیری و ڕەخنە گرییە . تاوانی ڕەخنە گرتن (ئەگەرچی بە زبانێکی توند) لە بەڕێز مەسعوود بارزانی و دەسەڵاتی عەشیرەییە .

لە دونیای ئازاد و لە تەقینەوەی دەرەتانی پێوەندیەکاندا ، دەورانی گرتن و بێ سەروشوێنکردن نەماوە . بەڵام وا دیارە پارتی و "پاراستن" ( ئیمرۆ ئاسایش) هەر وەک دۆخەکەی سەردەمی مەلا مستەفا هەڵس و کەوت دەکەن. پێیان وایە ئێستاش ئەو دەورانەیە کە "سلێمانی موعینی" یان گرت و شتەکیان دا و بە بێدەنگی و لە شەوەزەنگی گرتووخانەکانیاندا کوشتیان و تەرمەکشیان بۆ بێ حورمەتی پێکردن تەحویلی شای ئێران دایەوە .

ئێستا ئەو دەورانە نەماوە و هیچ ناشاردێتەوە . بۆیە گرتن و ئەشکەنجەدانی هەر ڕەخنەگر و جیا بیرێک ، تاوانی هەیە . ئیمرۆ هەر دەسەڵاتێکی نا دیموکراتیک و خۆسەپێن ڕەنگە بتوانێ دژی لەشی ڕەخنەگران هەنگاو هەڵگرێ ، بەڵام لەبەرانبەر هزر و بیریاندا و لە ئاست میدیای ئازاد دا ( کە ئیدی دەستی پاوان خوازی هیچ دیکتاتۆرێکی پێڕا ناگات) چی دەکات؟

تاوانی ڕانەگەێندراوی دوکتور کەمال چەند ڕەخنەیەکە کە لە بەڕێز مەسعوود بارزانی گرتوویە. ناوبراو لە ڕەخنەکانیشیدا بەڵگە دێنێتەوە و ئامادەیە ئیدیعاکانی لە دادوەرییەکی بێلایەندا وەبەر قەزاوەتی بیروڕای گشتی و دادوەرانی بێ لایەن بنێ . بەڵام سەرۆکی پارتی بە کەلک وەرگرتن لە هەلی ئیمرۆی، دەیەوێ یا چاوەترسێنی بکات و ناچاری بکات کە چیتر دەنگ نەکات . یا گەر کەمال ملی نەدا، گەر بۆی بلوێ (قیر و سیا بکات لە هێندێک ڕەخنە و ئیعترازی خۆجێی و دەرەکی) بە دەستی "پاراستن" لە بەینی بەرێ.

بەڵام ئایا بە کوشتنی دوکتور کەمال ئیتر ڕەخنەگر نامێنێ ؟ کێ کەمالی کردووەتە ڕەخنەگر ؟ ئایا کار و کردەوەکانی بارزانی نەبووە کە ئەو دەرەتانەی ڕەخساندووە تا کەمال و دەیان و سەدانی وەک کەمال ، سەرڕای ئەوەی کە خوێن دەگرین بۆ ڕەش مەینەتی کورد، پشت لە هەموو شت و تەنانەت گیانیان بکەن و دلێرانە بێنە مەیدان و ئەوەی بە کەم و کووڕی و ناهەق بیزانن ڕەخنەی لێبگرن . ڕەخنەگری ڕاستەقینەش لە دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکانیدا هیچ فیلتێرێک ڕەچاو ناکات و باوەڕی بە خۆ سانسۆر کردن نییە . کارێک کە دوکتۆر کەمال ئەنجامی داوە . ئە گەرچی بە باوەڕی ئێمە دوکتور کەمال دەیتوانی و دەبێ زبانی ڕەخنەکەی بگۆڕی و ڕق و تووڕەیی لێ دەرهاوێ.

هەر لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هێندێک لایەن و کەس ، گرتنی دوکتور کەمال یان کردووەتە بیانوو بۆ هات و هاوار و خۆ گیف کردن . دیفاعی ئەمانە لە دوکتۆر کەماڵ دیفاع لە ئازادی و دەربڕین نییە. چوونکە دیفاعەکانیان  زۆرتر وەک ریکلام بۆ سایت و لایەنی خۆیانە . دیفاع لە ئازادی بە شەرە دەندووکە و بێ حورمەتی بە هیچ لایەک ناچێتە پێشەوە .

ئێستاش با دوور نەبینەوە . ئەوە دوکتور کەمال لە ئیختیاری دەسەڵاتی بارزانی دایە . با ئەم دەسەڵاتە تاوانەکانی ( لە روانگەی ئەوانەوە "بوختان" ەکانی دوکتور کەمال دژی بارزانی) رابگەیەنێ و لە هەمان کاتدا قسە و ئیدیعاکانی دوکتور کەمالیش وەبەر قەزاوەتی گشتی دابنێ . پاشان با کێشەکە لە دادگایەکی ئازاد ( بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ، نوێنەرانی وڵاتی ئوسترالیا (دوکتور کەمال پەڕێوەی ئەم وڵاتەیە) و دادوەرەرانی ئازاد و میدیای ئازاد ) دا بۆ هەموو لایەک روون ببێتەوە. تا ئەو کاتەش دەبێ دوکتور کەمال ئازاد بێت و حورمەت و کەرامەتی ئینسانیی پارێزراو بێت .

سایتی هەڵوێست وێڕای پێشکەش کردنی ئەم پێشنیارە، داوا لە هەر رۆشنبێر و تاکێکی کورد دەکات لە هەر رێگەیەکەوە بۆیان دەست دەدات لە ئازادیی دەربڕین و بەتایبەت رەخنە گرتن داکۆکی بکەن و بۆ ئازادیی دوکتور کەمال هەوڵ بدەن . هەر لەو کاتەشدا داوا لەهەموو لایەنەکانی سیاسی دەکات بە بێ  رەچاو کردنی "دیپلوماسی" و نان بە قەرزدان ، ویژدانی خۆیان بە قازی بگرن و ئەگەر بۆ جارێکیش بووە ، ئاوڕێک لە کێشەی نێوان ڕووناکبیر و ڕەخنە گرێکی سەربەخۆی تاک و لایەنێکی خاوەن دەسەڵات بدەنەوە .

**دەستەی بەڕێوەبەریی سایتی هەڵوێست**

10ی گەلاریزانی 2005